https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.10

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕەهەندە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا

پ. ی. د. فەرهاد قادر کەریم

زانکۆی گەرمیان_کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

Farhad.qadir@garmian.edu.krd

**پوختە:**

کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) ئەو وشەیەیە لە کورتترین ماوەدا، بوو بە وێردی سەر زمانی زۆرینەی دانیشتووانی جیهان و وەک مۆتەکەیەک لەناو ئامارەکاندا دەرکەوت، ئەو هەموو جووڵەیەکی ژیانی وەستاند، بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی لای مرۆڤەکان، ئەو بارە دەروونییانە بوونە مایەی چرۆکردنی دەقی شیعری. بە مەبەستی دەرخستنی کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەم ڤایرۆسە و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیراندا، بە پشتبەستن بە ڕێبازی (پەسنی- شیکاری) ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (ڕەهەندە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا) بە ئەنجام گەیاند.

لە سەرەتادا پێناسەی ڤایرۆسەکە کراوە و دواتر بە کورتی لەبارەی پەیوەندیی نێوان هەریەک لە (ئەدەب و دەروون) و (ئەدەب و نەخۆشی) دواوین، لە چوارچێوەی باسەکەماندا لەبارەی (دیاردە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا)، تیشکمان خستووەتەسەر (ترس) و (شۆک) و بە نموونەی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کوردی باسەکەمان دەوڵەمەندتر کردووە، بۆمان دەرکەوت کەوا ترس لە نەخۆشییەکە و ترسی لەدەستدانی ئازیزان و هەروەها شۆکی دەروونی بەهۆی مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و هوشیاریی خۆپاریزی و بانگەشەی پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکانەوە لە دیارترین ئەو ئەنجامانەن، کە پێیان گەیشتووین.



**وشە کلیلییەکان:** کۆرۆنا، دەروون، شیعر، ترس و شۆک.

## ڕەهەندە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا

### پێشەکی

یەکێک لەو بوارانەی توێژینەوەی شیعری، کە کتێبخانەی کوردی تێیدا هەژارە، بواری ڕەخنەی دەروونییە، لەگەڵ تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید١٩)(*) و بڵاوبوونەوەی شیعری شاعیرانی کورد لەو بارەیەوە، پێویستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک، کە لەو بوارەدا خۆی ببینێتەوە، بوو بە پرۆژەی زانستیمان و بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و کاریگەریی ڤایرۆسەکە، لەسەر ناونیشانی (ڕەهەندە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا) گیرساینەوە.

بە پشتبەستن بە ڕێبازی (پەسنی- شیکاری)، کارەکەمان وا دارِشت، کە سەرەتا پێناسەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەین، پاشان بە کورتی لە بارەی پەیوەندیی نێوان هەریەک لە (ئەدەب و دەروون) و (ئەدەب و نەخۆشی) دواوین، دواتر لەژێر ناوی (دیاردە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا) لەبارەی کاریگەری و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی هەریەک لە دیاردەکانی (ترس) و (شۆک)ەوە دواوین و بە نموونەی شیعری شاعیران، کە زۆربەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویانکردوونەتەوە، بابەتەکەمان دەوڵەمەند کردووە و گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک و لە کۆتایی توێژینەوەکەدا خستوومانەتەڕوو.

### ١- ڤایرۆسی کۆرۆنا

کۆرۆنا ئەو وشەیەیە، کە لەماوەی چەند مانگێکدا بوو بە وێردی سەرزاری زۆرینەی مرۆڤەکانی گۆی زەوی، ئەو ناوە بوو بە مۆتەکەی نێو ئامارە تەندروستییەکانی جیهان و کەرتی ئابووریی وڵاتانی لاواز کرد و هەمووانی کردە هاوڕێی چوار دیواری ماڵ و جموجۆڵە ئاساییەکانی

ژیـــانی ڕاگـــرت، لە ڕووی زانســـتییەوە وا دەناســـرێت، کە ((کـــۆمەڵە ڤایرۆسێکن ئەبنە هـۆی تووشبوون بە نەخۆشیی جیاواز و جۆراوجۆر و لە ئەنجامدا کاریگەریی هەستپێکراویان دەبێت لە سـەر ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکـان و تەنـانەت ڕووەکەکـانیش، ئەم ڤایرۆسـانە سـەربە خێزانێکـی گەورەن بەنـــــــــــاوی (Coronaviridae) و بە بەرگ (Envelope) داپۆشراون و بۆماوە مادەکەیان لە جۆری تاکە و زنجیرەی ترشە ناوکی RNA یە، لە ٢٧-٣٢ کیلۆبایت جینۆم  پێکهاتووە، شـێوەی ڤایرۆسـەکان خـڕن، تیرەکەیـان ١٢٠-١٦٠ نـانۆمیتەرە و لە تـاج ئەچـن بەهـۆی بـوونی پێکهاتەی شێوە دڕکی (گلایکۆ پرۆتینی) لە بەرگەکەیان لەبەر ئەم هۆیەش بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناونراون)) (گرووپی توێژینەوەی بایۆمێدیکەڵ، ٢٠٢٠: ١٥).

ئەم خێزانە ڤایرۆسە چەند جۆرێکی هەیە و لەڕێی گیانلەبەرانەوە بۆ مرۆڤـ دەگـوێزرێنەوە، لەوانە ڤایرۆسـی (سـارس) کە لە سـاڵی (٢٠٠٣) لە وڵاتـی (چـین) و لە ڕێگەی جۆرێک لە پشیلەوە بۆ مرۆڤ گوێزرایەوە و بووە مایەی مردنی (٧٧٤) کەس، پاش نۆ ساڵ و لە (٢٠١٢)دا، ڤایرۆسـێکی تر بەناوی (مێرس)ەوە لە وڵاتی سعودیە بەهۆی جۆرێک لە حوشتر بۆ مرۆڤ گوێزرایەوە و بووە مایەی مردنی (٨٢٨) کەس، دواجۆر بریتی بوو لە بڵاوبـوونەوەی (کۆڤیـد ١٩)، کە کـورتکراوەی نەخۆشـیی ڤایرۆسـی کۆرۆنـای ٢٠١٩ یە و لە کۆتـاییی سـاڵی پاردا لە شـاری (وهـان)ی چـین بڵاوبوویەوە و دواتر گەیشتە زۆربەی وڵاتـانی جیهان، تـا ئێسـتا (٢٣-٤-٢٠٢٠) لەجیهانـدا زیـاتر لە (٢)ملیـۆن کەس تووشـبوون و دەیـان هەزار کەسیش مردوون.

بەپێی سـەرچاوە زانسـتییەکان سـەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسـە لە نـاو مـارکێتێکی خواردنە دەریاییەکانی شاری وهـان بـووە، کە تیایدا گۆشتی

ئامـادەکراوی هەنـدێ گیانـداری تـری تیـا فرۆشـرابوو وەک (مریشـک، گوێـدرێژ، مەڕ، بەراز، شەمشـەمەکوێرە و ...) و بە نایاسـایی هێنرابـوون، هەرچۆنێک بێت سـەرچاوەکان کۆکن لەسـەر ئەوەی ئەم نەخۆشـییانە لە گیـانلەبەرانەوە بـۆ مرۆڤـ دەگـوێزرێنەوە، ئەم جـۆرەی دوایـیـان لە ڕووی ژمارەی تووشبووان و مردووانەوە لە هەردوو جۆرەکەی تر زیانی زیاتر بـووە و لە ڕووی لـێکەوتە دارایـی و کـۆمەڵایەتی و ژیارییەکانیشـەوە سەختتر بووە.

هۆکـاری مەترسـیداری (کۆڤیـد ١٩)، ئاسـانی گواسـتنەوەیەتی لەنـاو مرۆڤەکاندا، کە زۆرتر لە ڕێگەی پژمین یا کۆکین یا بەرکەوتنەوە دەبێت، ماوەی نێوان تووشبوون و سەرەتای دەرکەوتنی نیشانەکان لە نێوان ٢- ١٤ ڕۆژ و بە تێکڕای ناوەندی (٥) ڕۆژ دەبێت، بۆیە پزیشکان هۆشداری ئەوە دەدەن، کە باشـترە مرۆڤـ دەمامـک و دەسـتکێش بەکاربهێنێـت و هەولبـدات لە مـاڵەوە بمێنێـتەوە و گەشـت و چـالاکییە کۆمەڵایەتییەکـانی ڕابگرێت و بۆ زیاتر خۆپارێزی وا باشترە زوو زوو دەستەکانی بشوات و بە هیچ جۆرێک دەست لە دەم و چاوی نەدات.

لە بارەی شێوازەکانی تووشبوون بەم ڤایرۆسە، دەوترێت مرۆڤ بۆی هەیە بە سێ جۆر ئەم نەخۆشییە بگرێت، یان ئەوەتا وەکو هەر پەتایەکی ئاسایی دەیگرێت و چاک دەبێتەوە، یاخود ئەوەیە کە سییەکانی دەگرێتەوە و تووشـی بەشـی خـوارەوەی کۆئەنـدامی هەناسـەدان دەبێـت و دوا جۆریشـیان کە مەترسیدارترینیانە، ئەو جۆرەیە کەوا پەرە دەسـێنێت و بە تەواوی مرۆڤـ لە هەناسـەدان دەخـات، بە گشـتی دیـارترین نیشـانەکانی تووشبوو بریتین لە (تا، کۆکە و تەنگەنەفەسی) هەندێ جاریش هەست بە (ئـازار، هیلاکـی و هەلامەت) دەکـات. (بـۆ ئەم زانیارییـانە سـوود لە

ڕاپۆرتەکانی ماڵپەری فەرمیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ وەرگیراوە).

نزیکترین وڵات لە هەرێمی کوردستانەوە، کە ئەم پەتایەی تێدا بڵاوبووەوە، وڵاتی (ئێران) بوو، بەو هۆیەشەوە زیاتر لە دەیان هەزاریان تووشبوو و هەزارانیان مردن، بەپێی ڕاگەیەنراوەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بەشی دیاری تووشبووانی هەرێمی کوردستانیش لەو کەسانە بوون، کە بە گەشت لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە و لەمانیشەوە خەڵکانێکی زۆرتر تووشی پەتاکە بوون، ڕێکەوتی تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی تووشبوون لە شاری سلێمانی لە (١-٣-٢٠٢٠) بوو و تا ڕێکەوتی (٢٣-٤-٢٠٢٠)، کۆی ژمارەی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە (٣٣٨) کەس و ژمارەی مردووانیش (٤) کەس.

**١-١- ئەدەب و دەروون**

بەوپێیەی توێژینەوە دەروونناسییەکان بەشێکن لە توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، بۆیە هەردوو بوارەکە بە چڕی ئاوێتەی یەکتر دەبن و لەبەرئەوەی شیعر چالاکییەکی مرۆییە و دەروونیش بەشێکی مرۆڤ پێکدەهێنێت، بۆیە بەلامانەوە ئاساییە، کە هەردووکیان (شیعر و دەروون) تێکەڵی یەکتر ببن و بە دیوێکدا یەکەمیان بکەوێتە ژێر کاریگەریی دووەم و بە دیوەکەی تردا دووەمیان بە ناوەڕۆکەکەی دەروونی ئەوانی تر بورووژێنێت، ئەم ڕاستییە بۆ یەکەمجار (ئەفلاتۆن)ی فەیلەسوفی یۆنانی پەردەی لە ڕوو هەڵماڵی، ئەو دەمەی سەرنجی ئەوانی تری بۆ لای ئەو تێڕوانینەی ڕاکێشا، کە پێیوایە شاعیرانی شانۆنووس کاریگەرییەکی نەرێنی دەکەنەسەر دەروونی بینەرەکانیان و لەخشتەیان دەبەن، بەلایەوە ((شیعر پرۆسەیەکی شایستە بە پێگەی زیرەکیی مرۆڤ نییە، چونکە

لاسـاییکردنەوەیەکی بـۆگەنە و زۆریـنـەی خەڵـک تەنـانەت پیاوچاکـانیش گەندەڵ دەکات، نەک هەر ئەوە بەڵکو بەهێزترین هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەنـدەڵییە، بەهـۆی ئەوەی شـاعیری لاسـاییکار ئـاوازی سیسـتەمێکی شـەڕەنگێزانە لە دەروونـی تاکەکانـدا بڵاودەکـاتەوە و کـار بـۆ ڕازیکردنـی سـۆزی تـاک و کـۆمەڵ دەکـات، بەمەش نابێت ببـنە نمـوونەیەکی بـاش بـۆ لاوانی ئەسینا)) (طبانة، النقد الادبي عند اليونان : ٦٠)

هەرچی تێڕوانینی (ئەرستۆ)یە بۆ پێگەی شیعر و شاعیر لە کۆمەڵدا جـۆرێکی تـرە، بەلایەوە شـاعیرانی شـانۆنووس لە ڕێـگەی دەقەکانیـانەوە دەتوانن دەروونی بینەرەکانیان لە هەردوو هەستی(ترس و بەزەیی)دا پاک بکەنەوە، بەمەش هاوسـەنگی لە هەسـتە دەروونییەکـان دروسـت دەبێت و بەرهەمەکەیان سوودبەخش دەبێت. (بڕوانە: ابو الرضا، ١٩٨١: ١٣)

پێکەوەبەسـتنی ئەدەب و دەروون لە سـەدەی بیسـتەمدا و لەسـەر دەستی (سیگمۆند فرۆید)ی دەروونناس، قۆناغێکی پێشکەوتووتری بڕی و قـاڵبێکی زانسـتیی ڕێکخـراوی بەخـۆوە بینـی، ئەو لە بـازنەی داهێنانـدا لە مەسـەلەکە دواوە و پێیـوایە ((هونەرمەنـدی داهێـنەر بـۆ دامرکانـدنەوەی ئارەزووەکانی لە واقیع هەڵدێت و بۆ خۆ بەرزکردنەوە و بـاڵابوون وزە و توانـای لە چالاکییەکـانی تـردا پەرشـدەبێتەوە، بە ڕێـگەی نەسـتەوە پەنـا دەبـاتە بەر کـاری داهێنـان و ئافەریـدەکردن لە بـواری ئەدەب و هـونەردا))(جاسـم، و: حەمەی ئەحـمەد ڕەسـوڵ، ٢٠١٠ : ١٦-١٧). هەر لەو ڕوانگەیەشـەوە کۆمەڵێـک بەرهەمـی ئەدەبـی و شـیعری و هـونەری شیکردەوە و داهێنەرەکانیانی ناساند، ئەو ((ئەدیبان و بە تایبەت شاعیرانی بە دۆزەرەوەی ڕاسـتەقینەی نەسـت لای مرۆڤ نـاوزەد دەکـرد، چـونکە بە بڕوای فرۆید ئەوان توانـای وێناکردنی قوڵاییەکانی نەسـتی خۆیـان هەیە، بەو پێـودانگەش ئەدیبـان مـاددە و کەرەسـتەیەکی دەروونیـی دەوڵەمەنـد

دەخەنە بەردەســت دەروونناســەکانەوە، کە لە لێکــۆڵینەوەی دەروونیــدا هاریکاریـــان دەبـــن)) (ســـەرچاوەی پێشــــوو،٢٠١٠: ٥٢)، بەمجـــۆرە ((قوتابخانەی دەروونشیکاری دوای ئەوەی ڕەخنەی دەروونی لێکەوتەوە، بوو بە پردی پەیوەندی نێوان دەروونناسی و ئەدەب و دەرگایەکی نوێی لەبەردەم لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بە ڕووی لێکۆڵەراندا کردەوە، کە سوود لە بنەمـا و میکـانیزمی ئەو قوتابخـانەیە وەربگـرن بـۆ لێکۆڵینەوەکانیـان)) (ســەعدوون،٢٠١٥: ٤١)، بـە کـورتی فرۆیـد دەرگـای لقێکـی تـری زانسـتە مرۆڤایەتییەکـانی خستەسـەر پشـت، کە ئەویـش سـایکۆلۆجیای ئەدەبە و کۆمەڵێک زانای تر پەرەیان بە بوارەکە دا، چ بە فراوانکردنی بۆچوونەکانی ئەو و چ بە ڕەخنەلێگرتن و ڕەتکردنەوەی. (بڕوانە: اسماعیل، ١٩٦٢: ٤٥-٤٨)

کەواتە ئەو هەوڵانە لە بـــواری ڕەخـــنەدا، ڕێبـــازی ڕەخـــنەی سایکۆلۆجییان هێنایەکایەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو بوو بە یەکێک لە ڕەوتە ڕەخنەییە کاریگەرەکان، کە توانی زۆر دیوی شاراوەی دەق ئاشکرا بکات و لەوێشـــەوە بگـــاتە دەروون و کەســـایەتیی نووســـەرەکانیان، بەلای (د. شـوقی ضـیف)ەوە ((ڕەخنەگری دەروونـی دەتوانێت ئاشـنامان بکـات بەو هۆکـارە دەروونییـانەی وای لێدەکات بە دەقێکـی ئەدەبـی ڕازی و بەویتـر نـاڕازی بێـت، هەروەک دەتوانێـت وێنـای ڕادەی کـاریگەرییە قـووڵەکەی دەقێکـی ئەدەبی جوان لەسـەر دەروونـی خوێنەرانی بکـات، لە هەمانکاتـدا ڕادەی کـاریگەریی کەمـی دەقـی لاوازیـش لەسـەر خـوێنەرانی دەربخـات)). (ضـیف،١٩٦٢: ٥٥) لەم چوارچێوەیەشـدا هوشـیاریی شـاعیر دەردەکەوێت، کە پێویستە داواکارییە ژیری و دەروونییەکانی خوێنەرانی بزانێت و لەو ڕێگەیەوە ڕەزامەنـدی ئەوان بەدەسـت بهێنێت و کەشـێکی ئـارام بـۆ خـۆی لەنێویاندا فەراهەم بکات، ئەم بارە لەگەڵ ڕوودانی هەر (کارێک، بۆنەیەک، پرسێک و کارەساتێک)دا، سەرهەڵدەدات.

## ١-٢- ئەدەب و نەخۆشی

ئەگەر چاوێکی خێرا بە دنیای ئەدەبی جیهانی و عەرەبیدا بخشێنین، ئەوا گەلێک شاکاری ئەدەبی و شیعری سەرنجمان ڕادەکێشێ و بەرچاودەکەون، کە هەوێنیان چیرۆکی ڕۆژگارە تاڵ و پڕ نەهامەتییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەکانن. نەخۆشییەکی وەکو (کۆلێرا) یەکێکە لە دیارترین وێنەکان، کە کاریگەریی زۆری بەسەر نووسەران و شاعیرانەوە جێهێشتووە و بووەتە هەوێنی گەلێک شاکاری ئەدەبی، چامەکانی (الکولیرا)ی هەریەک لە (نازک مەلائیکە)ی عێراق و (علي الجارم)ی میسری و (سەربازگەی کۆلێرا)ی (ڕۆدیارد کیبلنج)ی ئینگلیزی، لە دیارترین چامە شیعرییەکانی ئەو بوارەن، ڕەنگدانەوەی نەخۆشی و پەتاکان لە سەر بەرهەمی چیرۆک و ڕۆمان، پانتاییەکی فراوانتری داگیرکردووە و کتێبخانەکانی مرۆڤایەتی زۆر دەوڵەمەندکردووە، بڵاوبوونەوەی پەتایەکی وەکو (تاعوون) نموونەیەکی زیندووە، لەوانە ڕۆمانی (ڕۆژنامەی ڕۆژی تاعون)ی ڕۆماننوسی ئینگلیزی (دانێل دیفۆ) و ڕۆمانەکانی (ماسکی مەرگی سوور)ی ڕۆماننوسی ئەمەریکی (ئەدگار ئالان پۆ) و (تاعوون)ی (ئەلبێر کامۆ)ی فەرەنسی، هەر لەم بازنەیەدا ناکرێت ئاماژە بە شاکارێکی وەک ڕۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا)ی (گابریل گارسیا ماکیز) نەدەین، کە لە دووتوێی ئەو بەرهەمانەدا نەهامەتییەکانی ئەو میللەتانە بەدەست نەخۆشییەکانەوە تۆمارکراون. (الظل، موقع الاتحاد الثقافية الكترونية،٢٦-٣-٢٠٢٠)

لێرەوە دەلاقەیەک بۆ توێژینەوەکەمان دەکەینەوە، کە خۆی لە باسکردنی هەندێ ڕەهەندی دەروونیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعردا دەبینێتەوە، وەک ئاشکرایە لەگەڵ تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک نەخۆشییەکی گواستراوە و تاڕادەیەکی زۆر مەترسیدار، گۆمی بیر و

دەروونی شاعیران شڵەقا و بابەتە وابەستەکانی کە قەتیسبوون لە ماڵ و دابڕان لە ئازیزان و ترس لە تووشبوون و نادیاریی چارەنووس و جارجارەش ئومێدی دەربازبوون و تێپەڕاندنی دۆخەکەن، بوونە ناوەرۆکی شیعری و بەشێک لە شاعیران لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە. لە لایەکەوە، تیشکیان دەخستەسەر ئەو واقیع و ژیانە تازەیەی کە هاتبووە ئاراوە و لە لایەکی ترەوە، هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵیان دەدا، خەریکبوونی شاعیران بە نووسینی شیعر لەم بوارەدا، بەلای (لەتیف هەڵمەت)ەوە بێبەها و بێ سوودە ((وەکو شاعیرێک، کە لە ڕێی فەیسبووکەوە بەرهەمی وێژەیی شیعری گەلێ لە خوشک و برایانی ئازیزی ناو فەیسبووکەکان دەخوێنمەوە بە شیکارییەکی زانستییانەی وێژەیی بۆم دەرکەوتووە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆتە هۆکاری لەدایکبوونی گەلێ دەقی سارد و سڕ و شیعری کرچوکاڵ و بێتام و بۆن، حەز دەکەم بڵێم: خوشک و برایانی ئازیز مەرج نییە هەرچی ڕوویدا ئیتر ئێمەی شاعیر نووکی خامە تیژ بکەین و بکەوینە شیعرنووسین دەربارەی ڕووداوەکە... لەسەر نووسینی ئەم جۆرە شیعرانە خۆی لە خۆیدا جۆرێکی دیکەیە لە کۆرۆنا، بەڵام کۆرۆنای شیعری و زیانی زۆر بەئایندەی شیعری کوردی دەگەیەنن)).

https://www.facebook.com/100023684389459/posts/6466816 (56131308/?d=n

سەرنجەکەی هەڵمەت لەو ڕووەوە دروستە، کە نابێت شاعیر زۆر لە خۆی بکات و لەپێناو نووسیندا دەست بۆ هەموو بابەتێک ببات، بەڵام ئەو بڕیارە جارێ زووە و نابێت بە بیانووی گەورەیی بەڵاکە هەموو جۆرە بەرهەمە نووسراوەکان بە بێبەها و لاواز لە قەڵەم بدەین و ڕەشبین بین بە ئاستەکانیان، وەک ئەوەی خۆی بێدەنگبوونی هەریەک لە شاعیران (بێکەس، گۆران، دڵدار، پیرەمێرد، زێوەر، شێخ نووری شێخ ساڵح و ...)

بەرانبەر بە ڕووخانی کۆماری مەهاباد بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، چونکە ئەمەی دواییان پرسێکی نەتەوەییە و ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە و بە دووری نازانین ئەو لایەنە کاریگەریی خۆی لەسەر بیدەنگیی هەندێ لەو شاعیرانە جێهێشتبێت، هەرچی پەیوەستیشە بە کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر داهێنانی شیعری، ئەوا بەلای ئێمەوە ئەو پرۆسەیە هێشتا لە سەرەتای بالآکردندایە و ئومێدی دەقی نەمری زۆری لێدەکرێت و بەرامەی لە هەندێ لەو دەقانەدا دەرکەوتووە، کە تا ئێستا نووسراون و بەشێکیان لەم توێژینەوەیەدا خراونەتە ڕوو.

ئەگەر کاریگەریی هەریەک لە (تاعوون و کۆلێرا) بە کاریگەریی (کۆرۆنا) بەراورد بکەین، کات و شوێن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی سەردەمەکانیان و لێکەوتەکانیان لێک بدەینەوە، ئەوا بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین: بە هەموو پێوەرەکان دەبێت کۆرۆنا تا چەندین ساڵی تر ببێتە کەرەستەیەکی خاو و دەوڵەمەندتر و لە بنیاتی کۆمەڵێک داهێنانی ئەدەبی و شیعریدا ڕۆڵ بگێڕێت. تاوەکو تیایاندا لە لایەکەوە باس لەو کاریگەرییانە بکرێت، کە کۆرۆنا لەسەر کۆی کایەکانی ژیان دروستی کرد. لەلایەکی تریشەوە، پەیامی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی بڵاوبکەنەوە، چونکە هەر ئەمانە ژیان بە کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەبەخشن و بە زیندوویی دەیانهێڵنەوە، لەم بوارەشدا شاعیرانی کورد هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە جیهاندا دەستیان کرد بە نووسینی شیعر و لەگەڵ گەیشتنی بە هەرێمی کوردستان زۆرتری لەسەر نووسرا و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، لە ڕووی ئاستیشەوە ئاستی دەقەکان جیاوازن، بەڵام لە زۆرینەیاندا ڕەهەندی دەروونی بە ئاشکرا دەبینرێت، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا تیشک دەخەینەسەر هەندێ دیاردەی دەروونیی ئامادەی ناو دەقە شیعرییەکان.

## ٢- دیاردە دەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا

لە دەروونناسیدا، زاراوەگەلێک هەن، کە دەروونناسەکان لە ژێریاندا بابەتە دەروونییەکانیان پۆلێنکردووە، زانایەک بە ناوی نەخۆشییە دەروونییەکان و لای پسپۆڕێکی تر لەژێر ناونیشانی بارە دەروونییەکان و شارەزایەکی تر بەناوی دیاردە دەروونییەکانەوە ڕیزی کردوون، هەر کامێکیان بێت، بۆ ئێمە کە پسپۆڕی وردمان لەو بوارەدا نییە ناچینە ناو ئەو وردەکارییەوە، ئەوەندە هەیە چەمکی هەریەک لەو بابەتانە بەلامانەوە گرنگە و لەو ڕوانگەیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا تەنها لەبارەی چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی هەریەک لە دیاردە دەروونییەکانی (ترس) و (شۆک) لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو شیعری کوردیدا دەدوێین.

### ٢-١- دیاردەی ترس

ترس لەو دیاردە دەروونییانەیە، کە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبووە و هەیە، ترس لە (ژیان و دەوروبەر، نەخۆشی و مردن، چارەنووسی نادیار، لەدەستدانی ئازیزان و هتد)، هەموو ئەمانە مرۆڤیان خستووەتە بارێکی دەروونیی پڕ لە نائارامی و دڵەڕاوکێوە، ڕادەی ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بەپێی هۆکار و سەرچاوەی ترسەکە دەگۆڕێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاکامی پەرۆشیی مرۆڤە بۆ مانەوە و بەختەوەری و ژیان و سەرکەوتن.

ترس لای شاعیران، کە لە مرۆڤی ئاسایی هەستیارتر و پەرۆشترن بۆ دنیای جوانی و ئاسوودەیی، پانتاییەکی فراوانتر لە نەستیاندا داگیر دەکات، خۆ ئەگەر سەرچاوەی ترسەکە مەترسیدار و بکوژ بێت، ئەوا

بێگومان زیاتر کاریگەری دروست دەکات و لە پەناشیدا زۆرتر دەرگای بە ڕووی لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبیدا دەکاتەوە.

بڵاوبـووەنەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لە جیهـان و لە مـاوەیەکی کەم و دیاریکراودا و ئەو ملیۆنان توشبوو و دەیان هەزاران مردنەی لێیکەوتەوە، دەیکـات بە گەورەتـرین قەیرانـی مرۆیـی سـەدەی (٢١) و لە دوای جەنگـی دووەمی جیهانیشەوە بە کاریگەرترین قەیران، کە مرۆڤایەتی بەدەسـتییەوە نالاَنـدوویەتی ئەژمـار دەکرێت، ئەم پەتـایە ژیـانی وەسـتاند، ڕاسـتتر بڵێین ژیـانی گۆڕی، زۆرێک لە هاوکێشـەکانی پێچەوانە کـردەوە، ئەمەش لەگەڵ سروشـــتی مـــرۆڤ بـــۆ ڕاهـــاتن لەســـەر ژیـــانی ئاســـایی ڕۆژانەیـــدا، یەکناگرێتەوە، هەربۆیە واقعی دوای کۆرۆنـا بۆ هەمـوان لە خەونێکی تـاڵ دەچێـت، کە هـیچ مرۆڤێـک پێشـبینی بەدیهـاتنی نەکـات، لە دۆخـی واشـدا مـرۆڤ هەسـت بە نادیـاریی چـارەنووس و لێڵـی ژیـان دەکـات، بۆیە تـرس دەبێـتە سـێبەری و لێـی نـابێتەوە، شـاعیرانی کـوردیش نەیـانتوانیوە ئەو ترسەیان بشارنەوە، چونکە دۆخی ژیان لە باشـووری کوردسـتان لەو ئـان و سـاتەدا بەدەسـت قەیرانـی دارایـی و تەندروسـتییەوە نالاَنـدوویەتی، ئەم دوو بـوارەش هێنـدەی تـر ڕادەی تـرس لە نەخۆشـییەکەیان لەلا زیـاتر دەکـات. لە لایەک تـرس لە تووشـبوون و نەبـوونی چارەسـەری پێویسـت. لەلایەکی تـرەوە، تـرس لە نەمـانی بژێوی و بێکـاری و مـردن لە دووریـی ئازیزان، ئەمانە باری ژیانی مرۆڤی هوشیار و هەسـتیار قورسـتر دەکەن، لە هەمـووی سـەختتر ئەوەیە کە زانسـت سـەلماندوویەتی تـرس توانـای بەرگریـی لەشـی مـرۆڤ لاوازتـر دەکـات و ڕێـی زیـاتر بـۆ تووشـبوون بە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا خـۆش دەکـات، بۆیە دەبینین تـرس یەکێکە لە ڕەهەنـدە دەروونییەکـانی نـاو بەشـێکی دیـاری ئەو شـیعرانەی شـاعیرانی کـورد بـۆ ڤایرۆسـی کۆرۆنـا (کۆڤیـد ١٩) نووسـیویانە، جـا چ ترسـی تووشـبوون بە ڤایرۆسەکە یان ترسی لەدەستدانی ئازیزان بێت.

مرۆڤ ژیانی خۆی لە هەموو کەسێکی تر زیاتر خۆشدەوێت، بۆیە زیاتر لە خەمی ژیان و تەندروستیی خۆیدایە. بۆ ئەم نەخۆشییەش، کە تاوەکو ئێستا زانست لە دەستنیشانکردنی چارەسەری یەکجاری نزیک نەبووەتەوە، و زۆر لایەنی بە شاراوەیی ماوەتەوە و توێژینەوەکان کاتی زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی ڕیشەکێشی بکەن، بەهۆی ئاسانیی ڕێگاکانی زوو بڵاوبوونەوەی لەناو خەڵکدا، دامەزراوە تەندروستییەکان خۆپاراستن بە باشترین چارەسەر دەزانن، ئەم ڕاستییە لە شیعری کوردیشدا دەبینرێت، لەم ڕووەوە لە پشت پەردەی پەیامی خۆپارێزییەوە ترسێک دەبینین، ئەو ترسەش زۆرتر ترسە لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە، چونکە دوور نییە مردنی لێبکەوێتەوە، کەواتە ((ئەگەر هاتوو ترس لە نەخۆشییەکە لە پلەیەکی ئاساییدا بوو، ئەوا ترسێکی ئەرێنییە و مرۆڤ بەو ئاراستەیەدا دەبات کە پارێزگاری لە تەندروستیی خۆی بکات و ئاگاداری خۆی بێت، بەڵام گەر ترسەکە لە ڕادەی خۆی زیاتر بوو دەبێتە نەخۆشییەکی دەروونی و مرۆڤ تووشی گومان و ڕاڕایی بەرانبەر بە چەند کارێکی دیاریکراو یان شتگەلێکی ئاسایی دەکات، ئەمەش بەربەست دەخاتە بەردەم تواناکانی مرۆڤ و سنوور بۆ وزەی دیاری دەکات، بەم جۆرە ترسە دەوترێت فۆبیا)) (عبدالهادی، ٢٠٠٩: ٢٤). لە شیعری کوردیدا هەردوو جۆرە ترسەکە بەدیدەکرێن، ئەوەتا (دیار ڕەشید)، لە دەقی (بەهاری کۆرۆنا)دا دەڵێت:-

بەهار ڕۆیی بەبێ دەنگی لە شارین

لەنێو کوچەی هەزار و یەک دیوارین

لە ترس دەرد چما گشت کۆت و بەندین

بە عەزرەت دەشت و کێو وا دەردەدارین!

(https://www.facebook.com/100004960684098/posts/1500363556805653/?d=n)

شاعیر ترسی خۆی لە توشبوون بە ڤایرۆسەکە ناشارێتەوە، پەردەش لەسەر ئەو ڕاستییە لادەبات، کە جگە لە خۆپارێزی و مانەوە لە ماڵدا هیچ ڕێگەیەکی تر نییە، ئەمەش مرۆڤی تووشی بارێکی نائارام کردووە، بۆیە ماڵ شێوەی زیندان دەپۆشێت، ئەمەش لێکەوتەی بێبەشبوونیەتی لەو شادی و گەشانەوە و سەیرانەی کە مرۆڤ هەمیشە لە بەهاردا تێیدا ژیاوە و ئەم بەهارە (٢٠٢٠) بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لێی بێبەشبووە.

(سەباح سەردەم) لە دەقێکی ڕۆمانسیی ناوازەدا، کۆرۆنا و یار، ترس و جوانی، ئاوێتە دەکات. لە لایەکەوە، بە کۆمەڵێک وێنەی شیعریی داهێنەرانە واقیع و کاریگەریی ڤایرۆسەکە لە کۆمەڵدا ئاوێتە بە ئەزموونی خۆشەویستییەکەی دەکات و بە یارەکەی دەڵێت:-

دەمامکی ترسم کردۆتە دەمم

لێم هەڵواسراوە بوتڵی ماتەمم

مەسج دەنێرن لە دەمارمەوە

جواب کراوم نابیتە شەمم

ڕەچەتەم نییە بێ چارەسەرم

تەسلیم بووم لەسەر چرپای کەسەرم

بێهێزی کردووم ئەدریس گۆڕینت

لەناومایت لێ لیێت بێ خەبەرم

لەژێر پشکنین تاقیگەی دڵمای

لەسنوور دەرچووی خانەی عەقڵمای

بە بەرزی ڕێژەی ئەوین ئەمکوژێ

هەموو دوور دەگرن بەس تۆ لەگەڵمای

https://www.facebook.com/100002605245363/posts/2791039330992881/?d=n((

بە سەرنجدان لە وێنە و دەربڕینەکانی وەک (دەمامکی ترس، بوتڵی ماتەم، چرپای کەسەر، بێهێزی کردووم، ئەدرێس گۆڕین و ...)، دەبینین، هەموویان دیوێکیان گرێدراوی دنیای خۆشەویستیی بێسنووری شاعیرە و دیوەکەی تریان وابەستەی نیشانەکانی مرۆڤی تووشبووە بە ڤایرۆسەکە، لە پشت هەمووشیانەوە ترسی شاعیر لە تووشبوون بەم نەخۆشییە دەبینرێت، ترس لەوەی لە نەخۆشخانە بخەوێنرێت، لە بێچارەسەریدا بمرێت!

ئەم چەشنە پێکەوە بەستنەی باسی کۆرۆنا بە دنیای خۆشەویستییەوە، بووەتە سیمای بەشێک لەو دەقانەی شاعیرەکانی کورد لەو ڕۆژگارەدا نووسیویانە، ئەوەتا (حەمە سەعید حەسەن) لە چوارینەیەکدا دەڵێت:-

چە قەیدی با، تووشی من بێ کۆرۆنا!

حیزبیش هەمووی با بیگرێ بەس تۆ نا

پەڕەی دڵم بخوازی بۆ دەمامک!

بێ دوو دڵی دەیبەخشم پێت، ئەی بۆ نا؟!

https://www.facebook.com/229302673800726/posts/2958277544236545/?d=n((

بە وردبوونەوە لەو دەقە دەبینین، هەرچەند شاعیر بێباکە لە توشبوونی خۆی و ئەوانی تر بە ڤایرۆسەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترس لە تووشبوونی ئەوینی یار ئاشکرایە، شاعیر دان بە ترسناکیی کۆرۆنادا دەنێت و دەڵێت لەپێناو ئەوینی تۆدا دڵم دەکەم بە دەمامک بۆت نەبادا تووشی ئەم ڤایرۆسە ترسناکە بیت.

ململانێی نێوان خۆشەویستی و کۆرۆنا، لای (ئیسماعیل محەمەد) دەگاتە لووتکە، لێرەشدا خۆشەویستی زاڵ دەبێت، بە واتا لەو گۆڕەپانەدا ئەوین براوە و کۆرۆنا دۆڕا و دەبێت:-

خۆشەویستی ترس نازانێ    لە عەشقا دوودڵی کوانێ

مەڵێ خۆت لێم دوور بگرە    گوێ لە ڕێنمایی بگرە

قەت خۆمت لێ بە دوور ناگرم    با هەزار کۆرۆنا بگرم

من هەر لە باوەش ئەگرم    کە تۆ مردی من بۆ نەمرم؟!

https://www.facebook.com/959066164129569/posts/2865895573446609/?vh=e&d=n

یەکێک لە ڕێگاکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسەکە خۆ دوورگرتنە لەوانی تر و تێکەڵاونەبوون و بەریەکنەکەوتنە لەگەڵیاندا، ئەم ڕێگایەش بۆ عاشق

داوایەکی سەختە، بۆیە شاعیران لە دەقەکانیاندا، دەیانەوێت ئەو بەربەستە بشکێنن و لە نزیکەوە ڕازی دڵیان بدرکێنن و خۆشەویستانیان لە باوەش بگرن، ئەگەر ئەمە لە دنیای خۆشەویستیدا سۆز و وەفاداری بێت، ئەوا لە چەمکی تەندروستیدا بە سەرپێچی و پابەندنەبوون دادەنرێت.

ڕەنگدانەوەی ترس لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە، لە (هایکۆ)(**) شیعرییەکانیشدا دەبینرێت، ئەوەتا (بەختیار ڕەواندزی)، ڕەهەندێکی بەهێزتر بە ترسەکە دەبەخشێت و بە فۆبیای ناو دەبات:-

نەی لە ژەنین کەوت

سوتیان لە ترازان تۆرا

فۆبیای کۆرۆنا

https://www.facebook.com/1901527216755477/posts/2552734058301453/?d=n((

ترس لای (قوبادی جەلیزادە)، کە زۆرترین دەقی بۆ کۆرۆنا نووسیوە، سنووری ئاسایی دەبڕێت و خۆزگە بە (سەگ) دەخوازێت، کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەڕێ دەکات، بارە دەروونییەکەی شاعیر دەگاتە (حاڵەتی تۆقین)، ئەم حاڵەتەش لە ڕووی زانستییەوە ((بریتییە لە چەند نۆبەتێکی تۆقین، تاک لە ترسی ئەوەدایە نۆبەتی تری بۆ بێت بۆیە ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕێت و زیاتر لە ماڵدا گۆشەگیر دەبێت، ئەمەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ژیانی تاک و ناتوانێت برەو بە ڕەوتی ژیانی بدات، گەر خوێندکار بێت یان فەرمانبەر یان هەر کار و پیشەیەکی تری هەبێت بەتایبەتی گەر بژێوی کەسانی تری لە سەر ئەم بێت ئەوا کاریگەریی لە سەر ژیانی ئەوانیش دەبێت)) (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢).

شاعیر لە دەقی (بەرگەی ئەم تۆقینە ناگرم)دا، جەخت لە داوای ناو دەقێکی پێشووی (وەرە با ببین بە سەگ) دەکاتەوە، پێمان دەڵێت: گەر لە ڕابردوودا ڕەخنەتان لەو داوایەم دەگرت، ئەوەتا ئێستا لەم سەردەمی کۆرۆنایەدا ببینن ئێمە چۆن زیندانی و سەگەکان چەن ئازادن، ئێمە چۆن لە ئازیزانمان دوورین و ئەوان چۆن پێکەوەن، ئێمە چۆن ترساوین و ئەوان چەند بێ خەمن!

هەنوکە سەگەکان،

سەرداری شارەکانن

شەمەندەفەر پاڵی لێداوەتەوە

ماشینەکان نووستوون

فڕۆکە هەڵنافڕێت

بە ناوەڕاستی شەقامەکان ڕادەکەن

مەفرەزەکانی پۆلیس ڕایان ناگرن و

وەک ئێمە ترسی کۆرۆنا، نەیتۆقاندوون

چاوەڕێی ڤاکسین ناکەن

https://www.facebook.com/100034214355621/posts/230629601420850/?d=n((

هونەرمەندان بە مەبەستی بەشداریکردن لە هوشیارکردنەوەی خەڵک، هەوڵیانداوە بە گۆرانی هاووڵاتیان لە مەترسیی تووشبوون

بەڤایرۆســـەکە بپـــارێزن، لەوانە (ئەیـــوب عەلـــی) دەســـتکاریی دەقە شیعرێکی(***)(ئەحمەد محەمەد)ی شاعیری دەکات و لە سەر ئاوازە ڕەسەنەکەی شیعرێکی تر دەڵێتەوە و پەیامەکەی ڕادەگەیەنێت:-

مەڕۆ بۆ ئەو سەیرانە ئەمساڵ ڤایرۆس بارانە

لە ماڵەوە دابنیشە تەحەمولت بێ گیانە

.........................

لەگەڵ خزم و بێگانە تەوقە با بەس بێ گیانە

ڤایرۆس و کۆکە و پژمین ناتناسێ ناڵێ خزمین

https://www.facebook.com/115341055182222/posts/2753239408059027/?vh=e&d=n(

ئەم دەقە تەنزئامێزە بەرەو ئەوەمـان دەبـات بڵێـین: ئەوەی تێبینـی دەکرێت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا باسکردن لە نەخۆشییەکە و چۆنیەتیی خۆپاراستن و مامەڵەکردنی خەڵکی لەگەڵیدا بۆتە مایەی دروستبوونی دەیان نوکتە و چیرۆک و بەسەرهاتی کۆمیدی، کە بەشێکیان بە شیعر داڕێژراون، ئەمەش بۆخۆی زادەی ڕەواندنەوەی ئەو بارە دەروونییە نائارامەیە، کە ڤایرۆسەکە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی.

(ئەحمەد سەنگاوی) گۆرانیبێژیش، بە شێوەی تەنز دەقێکی شیعری کردووە بە گۆرانی و تیایدا چیرۆکی کۆمیدی ترسی هاوسەرەکەی لە کۆرۆنا دەگێڕێتەوە و دەڵێت :-

سەرمام بوو دووجار کۆکیم خۆم ئەمزانی پەتامە

خێزانم زیڕەی لێم کرد          وایزانی کرۆنامە

کیلۆمەترێ لێم دوور بوو     هەر نەئەهات بەلاما

زەنگی کرد بۆ خەزوورم        وتی وەرن بەدواما

شێواوە شێواوە                    شارەکەم گشت شێواوە

لە داخی کرۆنا       گشت ئەقڵمان نەماوە

https://www.facebook.com/104040624341989/videos/582523302471351))((

خۆشەویستی و هۆگریی مرۆڤ بۆ ژیان تەنها لەپێناو خۆیدا نییە، بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و غەریزەی حەزکردن و بەئاوێتەبوون بەوانی تر لە ناخیدایە و کامەرانیی خۆی لەوەدا دەبینێت کە لەگەڵ ئەواندا بژییێت، ئەم بارە لای (ئەکرەم هەواس)ی شاعیر ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک شار بە هەموو کووچە و قوشبنەکانییەوە ترس دایدەپۆشێت، ئەو لە دەقێکدا بە ناوی (بێدەنگی ڕژاو)، بێدەنگی و بێجووڵەیی دەکاتە چەقی شیعرەکەی و لەوێوە کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێت و بە حەپەسانەوە وەڵامەکانیان دەکاتە ژێر لێوەوە و تابلۆی ژیانێکی وەستاومان بۆ دەکێشێت و بە ناڕاستەوخۆ دیمەنە گشتییەکە بە ڕۆژی دوایی دەچوێنێت، ئەمەش ترسەکەی دەگەیەنێتە لوتکە:

ئەو بێدەنگییە چییە ڕژاوەتە بازاڕ ؟

شارەکان خۆڵی ترسیان بەسەرا ڕژاوە

ئەو خامۆشیە چیە هەڵتروشکاوە لە سەر  بەرماڵی مزگەوتەکان ؟!

باڕەکان تەنیا کەوتوون و

سەری کەس خۆش ناکەن !

کڵێساکان تۆزیان لە سەر نیشتووە

مەسیح هیچی پێناکرێت و

کەس نییە لە خاچەکەی دابەزێنێ

https://www.facebook.com/100002860053256/posts/2614948978610412/?d=n))((

ئەم بارە دەروونییە لای شاعیران وادەکات هەمیشە پەرۆشی ژیانی کەسە نزیک و خۆشەویستەکانیان بن، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکی کوشندەی وەکو (کۆرۆنا) بووە بەڵای ژیانی کۆی مرۆڤایەتی، شاعیرانی هاوچەرخ لەناو دەقەکانیاندا ئەم هەستەی خۆیان پیشانداوە و خۆشیی ژیانیان لە تەندروستی و بەختەوەریی کۆمەڵەکەیاندا بینیوەتەوە.

**٢-٢- دیاردەی شۆک**

ئەو دیاردە دەروونییەیە، کە لە ئاکامی ڕووداوێک یان کارێکی چاوەڕواننەکراو دروست دەبێت و مرۆڤ دەخاتە ناو بارێکی دەروونیی پێشبینی نەکراوەوە، بەلای دەروونناسەکانەوە ڕادەی شۆکبوونی مرۆڤ و کاریگەرییە دەروونییەکانی بە قەبارە و چۆنیەتی ڕووداو و کارەکانەوە بەستراوە، بۆیە دەوترێت: ((شۆکی دەروونی بریتییە لە قەیرانێکی

دەروونــی بەهێـزی وا کە مـرۆڤ توانـای خۆگونجـانی لەگەڵیـدا نیـیە، بە جۆرێـک هەڕەشـە لە ژیـانی خـۆی و دەوروبەرەکەی دەکـات، ئەوەش بە دوو جۆر دەبێت، یان ئەوەتـا ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یـاخود دەبێـتە گەواهیـدەر لەسـەر ڕووداوە شـۆکهێنەرەکە، کە دەبێـتە مـایەی ترسـێکی زۆری کەسـەکە و هەسـتکردنی بە پەککەوتنـی تەواو)) (یسـمینە، ٢٠١٤-٢٠١٥: ٦).

بێگومـــان یەکێـــک لەو بـــارە دەروونییـــانەی، کە بڵاوبـــوونەوەی ڤایرۆسـەکە لای مـرۆڤ خوڵقانـدی (شـۆکی دەروونـی) بـوو، بەو پێـیەی تەشەنەسـەندنی ئەم نەخۆشـییە هەمـوو سـنوورەکانی کـات و شـوێن و ڕەگەزی بەزانـد و زۆرێـک لە هاوکێشـەکانی ژیـانی ئـاوەژووکردەوە و ژیـانی گـۆڕی، لە پڕێکدا واقعێکـی نـوێی هێنایەکـایەوە، ژیـانی لە گونـدێکی بچـووکەوە، کە هەمـوانی پـێکەوە دەبەسـت، کـرد بە کـۆمەڵە زینـدانێکی بچـووک، ئـازادیی هـاتوچۆی و بەڕێکردنـی ژیـانی ڕۆژانەی ڕاگـرت، لەمـاوەیەکی زۆر کەمـدا مرۆڤـی ناچـار بە کۆمەڵێـک بنەمـا کـرد، کە لە خەونیشـدا نەیویسـتووە بچێتە ژێـر ڕکێفیـەوە، لەوانەش سـنووردارکردنی جـووڵە و دوورگـرتن لە ئـازیزان و بێبەشـبوون لە کـۆش و ئامێزیـان و دەست نەدان لە شتەکانی دەوروبەر، ئەمـانە دیمەنێکن لە وەسـتانی ژیان، ئەنجام زیانێکی مرۆیی و دارایی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشی لێکەوتەوە.

بـۆیە کە تەماشـای دەقـی شـیعریی شـاعیرانی هـاوچەرخی کـورد دەکەین، هەست بەو شۆکە دەروونییە دەکەین، کە تووشیان بووە، ئەوەتـا (د. وریا عومەر) لە دەقێکدا دەڵێت :-

ویران بێ کۆرۆنا لێکی دابڕاندین

ژیانی لێ تاڵ کردین مردووشی تۆقاندین

هیچی پێ نەهێشتین لە خۆشی و ئاوات

ئەبڵەق بووین نازانین بەرەو کوێ ئەمانبات

https://www.facebook.com/100007336443717/posts/2355899897997869/?d=n))((

شاعیر تووشی شۆکێکی دەروونیی گەورە هاتووە، بە ئەندازەیەک ڕەشبینە چارەنووسی لە نادیاریدا ماوەتەوە، پەردە لەسەر دیمەنێکی کاریگەری پڕ لە نیگەرانی هەڵدەداتەوە، ئەویش ترسانی مرۆڤە لە مردوو، مەبەست لەو مردوانەیە کە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش بۆ خۆی دیاردەیەکی سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو، کە ئەم نەخۆشییە لەگەڵ خۆیدا هێنای و وایکرد مرۆڤ بە شێوەیەکی جیاواز لە جاران و دوور لە هەموو هەست و سۆزێک بنێژرێت.

(ملکۆ ئەحمەد) لە شیعرێکدا بە ناوی (ساڵ ساڵی کۆرۆنایە)، باس لەو واقیعە تازەیە دەکات، کە نەخۆشییەکە هێناویەتییە کایەوە، سەرەتا باس لەو گۆڕانە ئەرێنییە دەکات کە بەهۆی لە جووڵە کەوتنی مرۆڤەکان بە سەر ژینگەدا هاتووە، لەپاڵ ئەمەشدا چەند دیمەنێکمان بۆ دەکێشێت، کە ناڕاستەوخۆ شۆکی شاعیر دەردەخەن:-

ئەو مامە پیرەی دەیویست

ماچی بەردەڕەش بکاو

سڵاوێک لە گۆڕەکەی پێغەمبەر بکا

هەموو شەوێ لە خەویدا

تەوافی ئەوین دەکا

ئەو قوتابییانەی

هێشتا پیتەکانی ناوی خۆیان

تەواو نەکردبوو

دەمی قەڵەمەکانیان وشک بووە

پەرتووکەکانیان لە جانتاکانا

بێرگە کراون !

(https://www.facebook.com/100002553087204/posts/2891101664318241/?d=n)

یەکێک لەو ڕووداوانەی لێکەوتەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بوو، داخستنی دەرگای ماڵەکانی خوایە (کەعبە، مزگەوتەکان)، بە تایبەتی ئەوەی یەکەمیان، کە ماوەی (٤١) ساڵە (****)، شتی وای بەخۆوە نەبینیوە، بەوەش ئیمانداران لە بەجێگەیاندنی سرووتە ئاینییەکانی نوێژ و عەمرە بێبەشبوون، ئەمە لە ڕووی ئاینییەوە ڕووداوێکی شۆکهێنەرە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان ئەمجارەیان جیاواز لە جارەکانی پێشووتر، کە بەهۆی شەڕەوە داخراوە، حکوومەت و موسوڵمانان بە خواستی خۆیان و وەک ڕێکارێکی خۆپاراستن بڕیاریان دا نەڕۆنە ناو (کەعبەی پیرۆز)ەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە کاتی بانگداندا بانگخوێنەکان لە بری ڕستەی (حي علی الصلاه) دەیانووت (صلوا فی رحالکم یا صلوا في دیارکم)، ئەم ڕووداوانە نەک تەنها بۆ موسڵمانان، بەڵکو بۆ ئەوانی تریش، چاوەڕوان نەکراو و شۆکهێنەربوو، شاعیر لە وێنەی دووەمدا وێنەیەکی

ترمان بۆ دەنەخشێنێت، وێنەی وشکبوونی دەمی خامەی قوتابییانی پۆلی یەکەم، کە فریای ئەوە نەکەوتن فێری نووسینی ناوەکانی خۆیان ببن، لە کاتێکـدا چـاوەڕوانی فێربـوونی زۆر زیـاتر بـوون، وێـنەکە خێرایـی ڕووداوەکـان دەگـوازێتەوە ئەو لەپـڕ گـۆڕانەش بـۆ خـۆی هۆکـاری دروستبوونی شۆکی دەروونییە، بەمە شاعیر دوو دیمەنی پێشبینی نەکراو و وەسـتاوی بـۆ گواسـتووینەتەوە، کە هەردووکیـان پێشـتر پـڕ بـوون لە جووڵە و بزاوت.

(کەمال میراودەلی) شـاعیر، لە دەقێکی نـاوازەی (کۆرۆنـا خـاک)دا، کە تارمایی شاکارە مەزنەکەی چامەی (وێرانە خاکی) (تی ئێس ئیلیۆت)ی لە سەرە، ترس و شۆک دەبنە تۆوی دەقەکە و بە ناخی خاک و سروشت، مرۆڤ و مێژوو، ئەفسانەو ئاین، زانست و مەرگدا ڕۆدەچن، شـاعیر هەر لە ناونیشـانی چـامەکەی (کۆرۆنـا خـاک)ەوە، کۆرۆنـا لەگەڵ وێـرانەدا هاوتـا دەکات و پێمان دەڵێت: ئەمەیە سەرچاوەی ترس و شۆکی هەمووانە:-

بەهار لە ناکاو بەسەری دادایـن

خۆمان بۆ سەیرانەکانی نیسان

ئامادە نەکردبوو

سەرسوڕمان و حەپەسان و ترسانی تووش کردین

پەرۆشی جوانەمەرگی و

کۆتا کۆچی بێ ماڵئاوایی کەس و ئازیزان

پانپەتایەک گوندە دنیای گرتەوە

پانپەتایەک پەتکی دەستەوەستانی لە ئەستۆمان کرد

چۆکمان دادا و لە ماڵەوە

لە چاوەڕوانی

ئەگەری مان و نەمانا دانیشتین

https://www.facebook.com/176097966087317/posts/1106971416333296/?d=n((

ئەم شۆکە دەروونییە، لە تەنزە دەقێکدا، کە (ماجد)ی هونەرمەند بڵاویکردووەتەوە زۆر بە فراوانی ڕەنگیداوەتەوە، شۆک لە کاریگەرییە گەورەکەی ڤایرۆسەکە، لە بڕینی سنوورەکان بە خێرایی لە گیرۆدەبوونی وڵاتە زلهێز و سەرکردەکانیان بە دەست نەخۆشییەکە و سەرچاوەکەیەوە، هەموو ئەمانە بۆ خۆیان ڕاستییەکن سەرانسەری مرۆڤایەتییان شۆک کردووە:-

چینییەک پژمی لە وهانەوە قومی وێرانکرد بە ئێرانەوە

فرۆکەی نەهێشت بە ئاسمانەوە قوڕی کرد بەسەر گشت جیهانەوە

............................

ترەمپی شۆک کرد وڵات وەستاوە داوجۆنز داون بوو گەڕایە دواوە

پۆتینی کردووە بە پیاوی فەزا مۆسکۆی کردووە بە ناحیە و قەزا

https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fwww.instagram.com%2Fp%2FB-

ksrX1pxPl%2F%3Figshid%3D1p8rg9kaimv7p%26fbclid%3DIwAR3MoyRu4w37ckF4STo3tKFz__KPL2qtRKwpN8-X8BuxQe1fTtWaPLjwaCE&h=AT2bpmRCpl_vLyYVqYDVR-oaOvm9IysJrKP_QnVwQRcYO_g9k4YhYSGejPl_6i1A1IBjU4fa_SUP0_FYytkYZC7KwYg2xB_aY3w1JZ9n1ML852bXgztNLnrKBIQsVlBoczrwxw

(محەمەد عوبێد)ی لاویش لە شیعرێکدا بەمجۆرە ناخی خۆی دەردەبڕێت :-

دار تەلەکان دەست بەر ئەدەن          ئەمیان دەڵێ بۆ کوێ دەچی

ئەویان دەڵێ شار بێ دەنگە          ڕەشبەڵەکی ئێمە بۆ چی

ئێمەش دڵمان وا لە مشتە          پەرۆشی باوەشی ئەوین

هەر نازانین چی دەخۆین و          پێ نازانین چۆن دەخەوین

https://www.facebook.com/100003338122800/posts/2806248716163038/?d=n((

دۆخە تازەکە تەنها مرۆڤەکانی تووشی شۆک نەکردووە، بەڵکو بێگیانەکانیش سەریان سوڕماوە و ناچاری کرداری سەیرن، شاعیر وێنەیەکی جوانی (دارتەلەکان)ی کێشاوە، پێکەوەبوونیان بە ڕەشبەڵەکی مرۆڤەکان چواندووە، کە ڕیز دەگرن و هەڵدەپەڕن، لە پڕدا چۆڵی شار ئەوانیش پەرتەوازە دەکات. لە وێنەی دووەمدا شۆکەکە ئاوێتەی ترس دەبێت و بەرۆکی شاعیر دەگرێت، سەرەتا دەربڕینی (دڵمان وا لە مشتە) ترسەکە بەرجەستە دەکات، پاشان بێبەشیی خۆی لە ئامێزی ئازیزان کە دیسانەوە بە هۆی ترس لە نەخۆشییەکەوەیە، دەردەبڕێت، هەموو ئەمانە

دەبنە مایەی شۆکێکی دەروونیی گەورە و خەو و خواردن لە شاعیر تاڵ دەکەن.

یەکێک لەو هۆکارانەی مرۆڤیان بێزارکردووە لە دۆخەکە و وایان لێکردووە بە ئاسانی نەتوانێت لەگەڵیدا بگونجێت، بێبەشبوونە لە کەسوکار و ئازیزان بە تایبەتی بۆ مرۆڤی کورد، کە بەراورد بە ڕۆژئاوا خاوەنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزن، بۆیە ژیانی نوێی (کەرەنتینە) ژیانێکی شۆکهێنەرە، بە تایبەتتر بۆ پیاو، کە لەگەڵ ژیانی ناو ماڵ بەو ڕادەیە ڕانەهاتووە، مایەی نیگەرانی و بێزارییە، ئەوەتا شاعیرێکی تر دەڵێت:-

به تاسەوە،

چاوەڕێی تەوقەیەکی گەرمین، میوانێکی درەنگ وەخت،

پەنجەلێکئالانی شاییەک !

دەرگاکەمان لێبکەوە،

ئەی زیندانەوانی غەدار !

ئەی دەردی نادیار !

)https://www.facebook.com/100000760963313/posts/2794045700630768/?d=n(

شاعیر هەست بە دابڕان دەکات و پەرۆشیی ئاوێتەبوونە بەوانی تر، ئەمەش بۆ خۆی شۆکی دەروونییە، چونکە بەلای (جی. هێرمان)ەوە ((شۆکی دەروونی بریتییە لە کرداری کشانەوە و دابڕان، بە کشانەوە لە جیهان شۆکبووان تووشی دابڕان لە ژیان و خێزان و کۆمەڵ دەبن،

هەروەک شـۆک بـۆی هەیە، تاکەکـان ڕووبەڕووی لەدەسـتدانی توانـای تـازەبوونەوە و پەیبـردن بە کارەکـان بکـاتەوە)). (بـڕوانە : نبـیلە، ٢٠١٢-٢٠١٣: ١٠-١١)

شـاعیر تاسـەی کۆمەڵێـک شـت دەکـات، کە زۆر سـاکارن، بەڵام بەهـۆی کۆرۆنـاوە لێـی دابـڕاون ڕاسـتتر بڵێین: لێـی قەدەغەکـراون، بۆیە دەستەوەسـتان دەبێـت و بە تـووڕەیی و نیگەرانیـیەوە داوای ئـازادی لەو ڤایرۆسە نادیارە دەکات، لە پشت داواکەشەوە شۆکێکی دەروونی هەیە.

لە کۆتـایی تـوێژینەوەکەدا پێویسـتە ئاماژە بەوە بکەیـن، کە لەپـاڵ ئەو هەمـوو تـرس و شـۆک و دڵەڕاوکێیـانەی بڵاوبـوونەوەی ڤایرۆسـەکە دروستی کردوون، کەشێکی ئەرێنی لە هەندێ دەقدا دەبینرێت، کە ئەویش ئومێد و گەشبینییەو لای هەندێ لە شاعیران بەدی دەکرێت، ئەوەتا (سـاڵح هەلاج)ی شـاعیر لە شـیعرێکدا، بەو پەڕی هیـواوە بـاوەڕی بە کۆتاییهـاتنی نەهامەتییەکان هەیە، ئەم جۆرە هەستەش بە باوەڕی ئێمە بەشێکی لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە مرۆڤـی کـورد هەمـوو جـۆرە ڕووداو و تراجیدیایەکی بینیووە و گیانی پۆڵایینی پڕ لە بەرگرییە:-

ئەم ڕۆژگارە کورتە بەدە

دەبڕێتەوە

بە ئەڤینی شێتانەوە

ئەڤینی ئاڵ

ڕاموسانی دار و درەخت

دەپرژێنین

به كاژی نوێ

نائومێدی دەسڕینەوە

ڕۆژێک دەبێت !

https://www.facebook.com/100004163472749/posts/1550236908458410/?d=n((

شاعیر بەهۆی مەترسیی كۆرۆناوە بێبەشە لە كردارەكانی (دەچین، ڕامووسان و دەپرژێنین)، بەڵام دڵنیایە لە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە پڕ لە نیگەرانییە و پێیوایە ڕەوڕەوەی ژیان زوو دەست پێدەكاتەوە و شت و دیاردە نامۆ و شۆكاوییەكان كۆتاییان پێدێت و ژیان دەچێتەوە سەر ڕێچكە ئاساییەكەی خۆی.

**ئەنجامەکان:**

١. ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)، وەک چۆن گۆمی ژیانی مرۆڤایەتیی شڵەقاند، ئاواش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان بوو بە هەوێنی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، دەتوانین ئەم دیاردەیەش بە یەکێک لە سوودە دەگمەنەکانی ئەم پەتایە دابنێین، بە دووری نازانین ئەم پەتایە لە داهاتوودا ببێتە هەوێنی دەقگەلێکی ئەدەبیی زیاتر.

٢. زۆرن ئەو شیعرانەی لەبارەی ئەم ڤایرسەوە نووسراون و تیایاندا هەموو جۆرە تەکنیک و قاڵبە شیعرییەکان وەک (هایکۆ، گفتوگۆی شیعری، چوارین، دوو بەیت، قەسیدە، لیریک، چیرۆکی شیعری، چوارخشتەکی و تەنز) بەکارهاتووە، لە ڕووی زمان و وێنەشەوە زۆرینەی بە زمانی کوردیی پەتی و هەندێ جاریش شێوەزارێکی دیاریکراویان تێدا بەکارهاتووە.

٣. ڕەهەندی دەروونیی ترس، ڕەهەندێکی زاڵی ناو دەقەکانە، ئەمەش بەهۆی ئەو زیانە زۆرەوەیە، کە پەتاکە بە وڵاتە زلهێزەکانی جیهانی گەیاندووە، بە تایبەتی ترس لە (تووشبوون بە ڤایرۆسەکە و ترسی لەدەستدانی ئازیزان)، هەرچەندە ئەم بارە زۆر جار سیمایەکی مات و خەماوی داوە بە دەقەکان، بەڵام هەندێ دەقی پڕ لە هیواش هەر لەو ڕۆژگارەدا لەدایکبوون.

٤. ڕەهەندی دەروونیی شۆک، دیاردەیەکی تری بەدیکراوی ناو شیعرەکانە، ئەمەش ئاکامی ئەو واقیعە تازە چاوەڕوان نەکراوەیە، کە پەتاکە لەگەڵ خۆیدا هێنای و زۆر هاوکێشەی گۆڕی یا پێچەوانەی کردەوە.

٥. پەیـامی خۆپـارێزی و پابەنـدبوون بە ڕێنمـاییە تەندروسـتییەکان، پەیـامێکی زوڵاڵـی نـاو بەرهەمەکـانە زۆرێـک لە وشـە و دەربڕینەکـان لە خزمەت ئەو بوارەدا بەکارهـاتوون، ئەمەش ئاکامی واقعیبـوونی شـاعیرانە، دیارترین وشەکانیش کە دووبـارەبوونەتەوە (کۆرۆنـا، کەرەنتینـە، دەمامک و ماسک)ن.

**پەراوێزەکان:**

* کۆڤید (١٩) ناوی تایبەتیی ڤایرۆسەکەیە، بەڵام لە ناو خەڵک و لە شعریشدا ناوە خێزانییەکەی کە (کۆرۆنا)یە زۆرتر بەکارهاتووە، بۆیە ئێمەش زۆرتر ئەم ناوەمان دووبارە کردووەتەوە.

** هایکۆ فۆرمێکی شیعریی کۆنی ژاپۆنییە لە سێ کورتە دێڕ پێک دێت. (بڕوانە: ملکۆ ئەحمەد، هایکۆ لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

*** مەبەست لە دەقی (ڕێژنە)ی شاعیر (ئەحمەد محەمەد)ە، کە هونەرمەند ئەیوب عەلی پێشتر، بە ناوی هەڵاڵە بووکی بەهار، کردوویەتی بە گۆرانی.

**** بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان (کەعبەی پیرۆز) پێشتر چوار جار داخراوە و هەوڵی داگیرکردنی دراوە، هەرچوار جارەکە بە هۆی شەڕەوە بووە:

١. هێرشی ئەبرەهەی حەبەشی لە ساڵی ٥٧٠ ز بۆ ڕووخاندنی کەعبەی پیرۆز.

٢. هێرشی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بۆ سەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر لە ساڵی٦٩٣.

٣.هێرشی قەرامیتەکان لە ساڵی ٩٣٠ ز.

٤. هێرشی جهیمان ئەلعتەیبی و محەمەد قەحتانی لە ساڵی ١٩٧٩.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم کوردییەکان**

**أ. کتێب:**


- د. ئەفرام محەمەد حەسەن، نەخۆشییە دەروونییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێنە، ٢٠٠٩.
- ثامر حسن جاسم، تویژینەوەی سایکۆلۆژی لە داهێنانی شیعریدا، وەرگێڕانی: حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
- سامان عیزەدین سەعدوون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٥.
- گرووپی تویژینەوەی بایۆمێدیکەڵ، کورتەیەک دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاپخانەی نێرگز، سلێمانی، ٢٠٢٠.
- ملکۆ ئەحمەد، هایکۆ لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.


**ب. تۆرە ئەلکترۆنییە کان :**


- )https://www.facebook.com/100023684389459/posts/646681656131308/?d=n(
- )https://www.facebook.com/100004960684098/posts/1500363556805653/?d=n(

- https://www.facebook.com/100002605245363/posts/2791039330992881/?d=n)((

- https://www.facebook.com/959066164129569/posts/2865895573446609/?vh=e&d=n

- https://www.facebook.com/100034214355621/posts/230629601420850/?d=n((

- https://www.facebook.com/115341055182222/posts/2753239408059027/?vh=e&d=n(

- https://www.facebook.com/104040624341989/videos/582523302471351))((

- https://www.facebook.com/100002860053256/posts/2614948978610412/?d=n))((

- https://www.facebook.com/100007336443717/posts/2355899897997869/?d=n))((

- )https://www.facebook.com/100002553087204/posts/2891101664318241/?d=n(

- https://www.facebook.com/176097966087317/posts/1106971416333296/?d=n((

- https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fwww.instagram.com%2Fp%2FB-

- ksrX1pxPl%2F%3Figshid%3D1p8rg9kaimv7p%26fbclid%3DIwAR3MoyRu4w37ckF4STo3tKFz__KPL2qtRKwpN8-

X8BuxQe1fTtWaPLjwaCE&h=AT2bpmRCpl_vLyYVqYDVR-oaOvm9IysJrKP_QnVwQRcYO_g9k4YhYSGejPI_6i1A1IBjU4fa_SUP0_FYytkYZC7KwYg2xB_aY3w1JZ9n1ML852bXgztNLnrKBIQsVlBoczrwxw

– https://www.facebook.com/100003338122800/posts/2806248716163038/?d=n((

– )https://www.facebook.com/100000760963313/posts/2794045700630768/?d=n(

– https://www.facebook.com/100004163472749/posts/1550236908458410/?d=n((

– https://www.facebook.com/229302673800726/posts/2958277544236545/?d=n((

– https://www.facebook.com/1901527216755477/posts/2552734058301453/?d=n((

**دووەم عەرەبییەکان**

**أ. الكتب:**

- د. بدوي طبانة، النقد الادبي عند اليونان، الطبعة الاولى، مكتبة الانجلو، القاهره.

- د. سعد ابو الرضا، الاتجاه النفسي فى الشعر العربي –اصوله و قضاياه، مكتبة المعارف، الرياض، ١٩٨١.

- د. شوقى ضيف، فى النقد الادبي، دار المعارف، ١٩٦٢.

- عتيق نبيلة، واقع علاج اضطراب ضغوط مابعد الصدمة، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة فرحات، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣.

- د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، دار العوده – دار الثقافه، ١٩٦٢.

ب. الرسائل الجامعية :

- علي رضوان علي عبدالهادي، صور الخوف فى شعر القرن الثالث الهجري، اطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة الزقازيق، مصر، ٢٠٠٩.

- ناجي يسمينه، مساهمة تقنية ال(EMDR) فى التخفيف من حدة الصدمات النفسية، رساله ماجستير، كليه العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٤-٢٠١٥.

جـ. المواقع الالكترونية:

- د. حورية الظل، أثر الاوبئة على الادب والفن، جريدة الاتحاد الثقافية، ٢٦-٣-٢٠٢٠.

- الموقع الرسمي لمنظمة الصحة العالمية (WHO)، تقارير حول فيروس كورونا خلال ثلاث اشهر الاولى لعام ٢٠٢٠.

**ملخص:**

كورونا (كوفيد ١٩)، تلك الكلمة التي نشرت المرض الخطير الذي عم البلاد وقتل العباد وألقى الذعر في الشرق والغرب وتميز بسرعة الانتشار وظهرت كشبح ضمن إحصائيات منظمة الصحة العالمية، حيث استوقفت كافة الحركات الطبيعية للحياة، ما أدى إلى إصابة الإنسان بحالات نفسية غير مستقرة ومتوترة، فأسهمت هذه الحالات في إبداع عشرات من النصوص الشعرية عند شعراء الكورد، لغرض إبراز التأثيرات النفسية لهذا الفيروس وانعكاسها في أشعارهم، و بالاعتماد على المنهج (الوصفي التحليلي) أنجزنا هذا البحث الموسوم بـ (الأبعاد النفسية لفيروس كورونا في الشعر الكوردي)، في البداية عرفنا الفيروس و من ثم تحدثنا موجزاً عن طبيعة العلاقة بين كل من (الأدب و النفس)، (الأدب والمرض).

من خلال حديثنا حول (الظواهر النفسية لفيروس كورونا في الشعر الكوردي) أشرنا إلى مدى و كيفية تاثير كل من ظاهرتي (الخوف) و (الصدمة) على الشعر الكوردي و أثرينا البحث بنصوص من شعر الشعراء والتي نشرت في مواقع التواصل الاجتماعي، حيث تبين لنا، بأن الخوف من المرض و الخشية من فقدان الأحباء، كذلك الصدمة النفسية جراء الواقع الجديد الذي انبثق من وراء تفشي الفيروس و توعية الناس من الوقاية والالتزام بالإرشادات الصحية، جميعها من أبرز النتائج التي توصل إليها بحثنا هذا.

**Abstract:**

The word Corona (Covid 19) has been used by the population over the world and studied by the health sections widely. It has stopped the movements of people in their daily life which caused the psychological tension of human beings. This non stable situation adapted the Kurdish poets with tens of poetic texts at the aim of showing the influence of this virus and under (Psychological Dimensions of Corona Virus in Kurdish Poetry) title, this research has been written. In it, first the definition of Corona virus is presented, then the connection between it and (Literature and Psychology) and it with (Literature and Illness) are shown. After that, under the title (The Psychological Phenomena of Corona Virus in Kurdish Poetry), both the influence and the reflection of scaring and shock are clarified depending on the poetic samples of the poets which most of them have been posted on the social media.

Fearing of getting this virus and losing lovers are two poetic images in a section of the texts. In another section, the shock of the poets which goes back to the new fact of this pandemic is presented. Finally, insisting on following the healthy guidelines is another prominent subject in the research. The mentioned are some of the points which the researcher has achieved.